## سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان

# ئێمە یەک خێزانین هیچ کێشەیەکمان نییە



**سەلام حوسێن یەکێکە لە خەمخۆرانی بەرەو پێش چوونی ئاستی وەرزش لە کوردستان بە تایبەتی لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان کە هەردەم وەکو بەرپرسێک چاودێری یارییەکان دەکات، لە دایک بووی ساڵی (١٩٦٠)ی هەولێرە و خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم محاسەیە و ئێستاش سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستانە، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبدەین.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** راستە لە زۆربەی یارییەکانی خولی نایابی کوردستان ناوبژیوانان حەز دەکەن یانەکانی هەولێر سەرکەوتن بە دەست بێنن؟**

- شتی وا نەزانیوە هیچ ناوبژیوانێکی شاری هەولێر لە یارییەک هەردوو یانەی هەولێر بن ئێنجا دەبێتە ناوبژیوان و کارێکی واشمان نەزانیوە کە ناوبژیوان کاری وای کردبێت.

*** بیستومانە ئێوە لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ یەك ناکۆکن؟**

- نەخێر، ئێمە وەك یەك خێزانین تاکو ئێستاش هیچ کێشەیەك لە نێوانمان رووی نەداوە.

*** ئایا تا چەند راستە ناوبژیوانێك کاری ناوبژیوانی خۆی دەکات و ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانە و ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی لقی هەولێرە، ئایا دەبێ لە یەك کاتدا ئەم هەموو کارانە ئەنجام بدات؟**

- بەڵێ ئەمە دەبێت، ئەوەی تووش باسی دەکەیت ناوبژیوان سیروان سەلمانە یەکێکە لە ناوبژیوانە هەرە بە تواناکانی کوردستان و عێراقە و ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتیە بەهۆی ئەوەی زۆر پێویستمان پێ هەبوو بۆیە گەراپتەوە کاری ناوبژیوانیەتی.

*** بۆچی ناوبژیوانان دووبارە دەبنەوە لە یەك هەفتە لە یارییەکان؟**

- هۆکاری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە یاریمان یەکجار زۆرە لە یەك هەفتەدا (٢٦) یاری ئەنجام دەدەین لە خولی تازەپێگەیشتووان و نایاب و پلە یەکی کوردستان، ژمارەی ناوبژیوانان بەچاو یارییەکان زۆر کەمە و هەندێکیان ئاستیان بەرزە بۆیە لە یارییەکان دایدەنێین.

*** راستە لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان (سەفین کانەبی) هەر بریارێك بدات کەس بۆی نییە ئەم بریارە رەت بکاتەوە؟**

- نەخێر، وا نییە دوای گفتوگۆیەکی زۆر ئێنجا بریار دەدەین، زۆر جار هەندێ بریار سکرتێر و جێگرەکان دەدەن، یاسایی یەکێتیە وەرزشیەکان سەرۆك مافی یەك دەنگەی هەیە.

*** گوێبیستی ئەوە بووینە، هەندێك جار سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە تەلەفۆن ناوبژیوان دادەنێت؟**

- هیچ شتی وانیە و تەواوی ناوبژیوانان لیژنەی ناوبژیوانان دادەنێن رۆژێك پێش کۆبوونەوە لیستی ناوبژیوانان دادەندرێت، لیژنەی ناوبژیوانانیش پێکهاتووە لە سەعدی غەریب و سیروان سەلمان و مەحمود نورەدین و ئەرسەلان قادر، بەلام هەندێك جار دەبێ جێگۆرکێ بکەین لە یارییەکان بەهۆی گرنگی یارییەکان.

*** رۆژنامەی فۆتبۆل بۆ کێ دەردەچێت؟**

- بۆ وەرزشوانانی کوردستان دەردەکەین بۆ ئەوەی خەڵکی پێ رۆشنبیر بکەینەوە هیچ مەبەستێکمان نییە بە پێچەوانەی هەموو رۆژنامەکانی وەرزشی، ئێمە گرنگی زیاتر بە خولی کوردستان دەدەین تاکو خوێنەرانی پێ ئاشنا بکەین.

*** زۆر جار دەڵێن لە کۆتایی خولەکان رێکەوت لە نێوان یانەکان دەکرێت، بە تایبەتی لە پاڵەوانیەتی ساڵی رابردوو؟**

- ئەمە لە راستی دوورە، ئەوەی دەڵی راستە با بە بەڵگەوە بسەلمێنێ هەر یانەیەك وابکات دووپلە دادەبزێت و یەك ملیۆن دینار سزا دەدرێت و ئەم بریارەشمان داوە دژی یانەی خەلیفان.

*** راستە جەنابتان بە سەرۆکی یانەی بروسکتان گۆتووە خۆیان لە یەکێك لە یارییەکان بە دۆڕان بدات بۆ یانەیەکی تر؟**

- لە ژیانی خۆم شتی وام نەکردووە، من بە پاکی کاری خۆم دەکەم هیچ کارێکم بە هیچ یانەیەك نییە تەنانە لە یانەی بروسك ئەندامی دەستەی کارگێریم، بەلام لەگەڵ یانەی بروسك زۆر توندم و لایەنگری هیچ یانەیەك نیمە.

*** راستە ساڵی رابردوو بە ناوبژیوانتان گوتووە دەبێ یانەی ئالا بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان سەربکەوێت لەسەر حیسابی یانەی شێروانە؟**

- نەخێر، ئەوە لە راستی دوورە، چونکە لە یاری چوون یانەی شێروانە نەیتوانی لەسەر یاریگای خۆی سەرکەوتن تۆمار بکات.

*** سەرپەرشتیاری راگەیاندن هەیە لە هیچ رۆژنامەیەك کار ناکات و لە دەستەی کارگێری یانەکان کار دەکات، دەبێ ببێتە سەرپەرشتیاری راگەیاندنی یانەکان؟**

- ئەم کارەش ئاساییە و رۆژنامەنوسی کاران و بواریان پێ دەدەین کە لەگەڵمان کار بکەن.

*** مەبەستان چییە لە سەردانی کردنتان بۆ وڵاتی ئەرەزتین؟**

- ئێمە زۆر شانازی بەوە دەکەین کەوا تاقە دەزگایەکین لە کوردستان پەیوەندیەکی فەرمی لەگەڵ وڵاتێکی پێشکەوتووی تۆپی پێی دەکەین و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەرژەنتین بە فەرمی بانگهێشتی ئێمەی کردیە، لەو سەفەرە هەوڵ دەدین چەند تیپێکی ئەرژەنتینی بۆ کوردستان بهێنین و پرۆتۆکۆڵی وەرزشیان لەگەڵ مۆربکەین.

*** پار ساڵ نەتانتوانی ناوبژیوانان بنێرنە وڵاتی سوریا، پرۆگرامی ئەم ساڵتان چییە بۆ ناوبژیوانان؟**

- هۆکارەکەی بۆ وەرگرتنی ڤیزا دەگەڕێتەوە، ئێمە داوامان لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرد، چونکە وڵاتی سوریا پەیوەندی راستەخۆی لەگەڵ ئێمە نییە، لەم ماوەیە هەر دەرفەتێکمان بۆ برەخسێ ئێمە ناوبژیوانەکان دەنێرینە وڵاتی سوریا ئەگەر نا ئێمە سەربازگایەکی مەشقیان بۆ ئەنجام دەدین.

*** کەی هەڵبژاردەی کوردستان دەست بە چالاکییەکانی خۆی دەکات؟**

- هەڵبژاردەی کوردستان چالاکییەکی یەکجار گرنگی لە پێشە ئەویش بەشدار کردنە لە پاڵەوانیەتی فیفا لە شاری میلانۆی ئیتاڵی لە (٢٢-٦-٢٠٠٩) هیوادارم ماوەیەکی زۆر خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە ئامادە بکەین و یانەکانیش هاوکاریمان بکەن بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامێکی باش لەم پاڵەوانیەتیە.

*** کەستان دەست نیشان کردووە بۆ راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی کوردستان؟**

- نەخێر کەسمان دەست نیشان نەکردووە.

# سەردانێکی خێزانداری



سەرەڕای گواستنەوەی ئەستێرەی پورتوگالی لویس فیگۆ بۆ یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی هێشتا ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان فیگۆ و راوول گۆنزالیس ریال مەدرید هەرماوە بەڵکو بەهێزتر بووە، ئەمەو راوول بەخۆی و خێزانەکەی مامینز سناز کە کار لە نمایشی جل و بەرگ دەکات سەردانی ماڵی فیگۆیان کرد لە میلان کە لەگەڵ خێزانەی هێلین سفیدین کە خەڵکی سویدە بەیەکەوە دەژین بەم سەردانەش راوول دووپاتیکردووە کە پەیوەندیەکانی خێزانی نێوانیان هێشتا بەردەوامە و بەهێزتر بووە.

# پێشوازییەکی گەرم لە کاکا دەکرێ



ئەستێرەی بەناوبانگی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ئای سی میلانی ئیتاڵی کاکا لە دۆحەی پایتەختی قەتەر جیا لە برادەرەکانی پێشوازییەکی بێ وێنەی لێکرا بە دەیان کەس رێگایان لێدەگرت و داوای واژوویان لێدەکرد، جێگەی باسە یانەی ئای سی میلانی ئیتاڵی سەردانی قەتەری کرد و بەشداری یارییەکی دۆستانەی کرد بە بۆنەی فیستیڤاڵی وازهێنانی ئەستێرەی قەتەر جەفال راشد لە نێوان هەردوو یانەی سەد و ئای سی میلانی ئیتاڵی کە بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ لە بەرژەوەندی ئای سی میلان تەواو بوو.



# دوو سەرۆک بە ئەدرێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان پێشوازی لەیەک دەکەن

لە بەرازیل پێشوازیکردن لە بەرپرسان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە و خۆشەویستیەکی رادەبەر بۆ تۆپی پێی لەو وڵاتە هەیە سەرۆکی بەرازیل لویس لولا دا سیڵڤا کە ناوی سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا جان پیتەر بالکەندەی لەسەر ئەردرێسێك کۆپی بکاتەو بکاتە دیاری بۆ ئەو میوانە کە درێسێکی ژمارە (١٠)ی هەڵبژاردەی بەرازیلە ئەمەو لە لای خۆیەوە سەرۆك وەزیرانی هۆلەندەش درێسێکی ژمارە (١٠)ی هەڵبژاردەی هۆڵەندی کردە دیاری کە ناوی سەرۆکی بەرازیلی لێ کۆپی کرابوو ئەم گۆڕینەوەش لە کاتێك بوو کە لە ساوپاڵۆ سەرۆکی بەرازیل پێشوازی لە میوانی هۆڵەندی کرد و بەم شێوەش وەرزش جارێکی دیکە دەبێتە هۆکاری دۆستایەتی بەهێزی وڵاتان.





### لەمیانی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ

# هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئینگلتەرە و

**هەفتەی ڕابردوو یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) لە کیشوەری ئەورووپا ئەنجامدرا کە تیاییدا هەڵبژاردەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا و ئینگلتەرە و ئیسپانیا لە یارییەکانی پاڵاوتن نزیکبوونەوە دوای ئەوەی توانییان دوو سەرکەوتنی یەکجار گرنگ بە دەستبهێنن، ئەمەی خوارەوەش خوێندنەوەی کۆمەڵەکانی کیشوەری ئەورووپایە.**

**نا: ڕێبین ڕەمزی**

**کۆمەڵەی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی دانیمارك و هەنگاریا ڕکابەرییەکی بەهێز دەکەن بۆ بە دەستهێنانی پلەی یەکەمی مۆندیال، ئەوەی جێگای سەیرە لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی سوید و پورتوگاڵ لە ڕکابەرییەکە دوورن، ئەمەش ئەنجامێکی خراپە بۆ دوو هەڵبژاردەی گەورەی وەك پورتوگاڵ و سوید.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە.**

مالْتا – دانیمارك ٠-٣
ئەلبانیا – هەنگاریا ٠-١
پورتوگاڵ – سوید ٠-٠
هەنگاریا – مالْتا ٣-٠
دانیمارك – ئەلبانیا ٣-٠

**یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە**

سوید – دانیمارك
ئەلبانیا – پورتوگاڵ

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**

١- دانیمارك ١٣ خاڵ لە ٥ یاری
٢- هەنگاریا ١٣ خاڵ لە ٦ یاری
٣- پورتوگاڵ ٦ خاڵ لە ٥ یاری
٤- سوید ٦ خاڵ لە ٤ یاری
٥- ئەلبانیا ٦ خاڵ لە ٧ یاری
٦- مالْتا سفر خاڵ لە ٧ یاری

**کۆمەڵەی دووەم**

لەم کۆمەڵەیە ڕکابەرییەکی یەکجار بەهێز هەیە لە نێوان هەڵبژاردەکانی یۆنان و سویسرا و لاتفیا و ئیسرائیل بۆ بۆ دەستهێنانی پلەی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە کە ڕاستەخۆ بۆ جامی جیهانی سەردەکەوێت، هەرچەندە لەم کۆمەڵەیە گشت هەڵبژاردەکان ئاستیان لە یەکتدی زۆر نزیکە، ئەمەش ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

لۆکسمبۆرگ – لاتفیا ٠-٤
مۆلْدۆڤیا – سویسرا ٠-٢
ئیسرائیل – یۆنان ١-١
لاتفیا – لۆکسمبۆرگ ٢-٠
یۆنان – ئیسرائیل ٢-١
سویسرا – مۆلْدۆڤیا ٢-٠

لە جەولەی داهاتوو هیچ یارییەك لەم کۆمەڵەیە ئەنجام نادرێ

ڕیزبەندی کۆمەڵەی دووەم

١- یۆنان ١٣ خاڵ لە ٦ یاری
٢- سویسرا ١٣ خاڵ لە ٦ یاری
٣- لاتفیا ١٠ خاڵ لە ٦ یاری
٤- ئیسرائیل ٩ خاڵ لە ٦ یاری
٥- لۆکسمبۆرگ ٤ خاڵ لە ٦ یاری
٦- مۆلْدۆڤیا ١ خاڵ لە ٦ یاری

**کۆمەڵەی سێیەم**


لەم کۆمەڵەیە ڕکابەرییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان هەڵبژاردەکانی ئێرلەندەی باکوور و سلۆڤاکیا و پۆڵەندە هەیە، بۆ بە دەستهێنانی تاکە بلیتی ئەم کۆمەڵەیە بۆ جامی جیهانی، هەردوو هەڵبژاردەی چیك و سلۆڤینیا تا ڕادەییەك لە ڕکابەرییەکە دوورکەوتنیەوە، بەڵام هێشتا هیوایان ماوە.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە.**


ئیرلەندەی باکوور – پۆڵەندە ٣-٢
سلۆڤینیا – چیك ٠-٠
چیك – سلۆڤاکیا ١-٢
پۆڵەندە – سان مارینۆ ١٠- سفر
ئیرلەندەی باکوور – سلۆڤینیا ١-٠

لە جەولەی داهاتوو تەنیا یەك یاری لەم کۆمەڵەیە ئەنجام دەدرێت









## جامی جیهانی (٢٠١٠) کیشوری ئەورووپا

# ئیسپانیا لە مۆندیالی (٢٠١٠) نزیکبوونەوە

سلۆڤاکیا — سان مارینۆ

**ڕیزبەندی ئەم کۆمەڵەیە**

١- ئێرلندەی باکوور ١٣ خاڵ لە ٧ یاری
٢- سلۆڤاکیا ١٢ خاڵ لە ٥ یاری
٣- پۆڵەندە ١٠ خاڵ لە ٦ یاری
٤- چیك ٨ خاڵ لە ٦ یاری
٥- سلۆڤینیا ٨ خاڵ لە ٦ یاری
٦- سان مارینۆ سفر خاڵ لە ٦ یاری

**کۆمەڵەی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و رووسیا رکابەرییەکی بەهێز لە نێوانیان هەیە بۆ بە دەسهێنانی تاکە بلیتی ئەم کۆمەڵەیە هەرچەندە هەڵبژاردەی فنلندا هەوڵ دەدات رکابەری ئەم هەڵبژاردنانە بکات.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

رووسیا — ئازربایجان ٢-٠
وێلز — فنلندا ٠-٢
ئەڵمانیا — لیشتنشتاین ٤-٠
لیشتنشتاین — رووسیا ٠-١
وێلز — ئەڵمانیا ٠-٢

**یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە**

ئازربایجان — وێلز
فنلندا — لیشتنشتاین
فنلندا — رووسیا

**ڕیزبەندی ئەم کۆمەڵەیە**

١- ئەڵمانیا ١٦ خاڵ لە ٦ یاری
٢- روسیا ١٢ خاڵ لە ٥ یاری
٣- فنلندا ٧ خاڵ لە ٤ یاری
٤- وێلز ٦ خاڵ لە ٦ یاری
٥- ئازربایجان ١ خاڵ لە ٤ یاری
٦- لیشتنشتاین ١ خاڵ لە ٥ یاری

**کۆمەڵەی پێنجەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئیسپانیا تا رادەییەکی زۆر سەرکەوتنی بۆ مۆندیالی (٢٠١٠)ی مسۆگەر کردووە و توانی (٨) سەرکەوتن لەسەر یەکدی تۆمار بکات و لەگەڵ نزیکترین هەڵبژاردە بۆسنە و هێرسك شەش خاڵە، بۆیە هەڵبژاردەکانی بۆسنە و تورکیا و بلجیکا و ئیستۆنیا رکابەری لەسەر بلیتی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە دەکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**


ئەرمینیا — ئیستۆنیا ٢-٢
بلجیکا — بۆسنە هێرسك ٢-٤
ئیسپانیا — تورکیا ١-٠
تورکیا — ئیسپانیا ١-٢
ئیستۆنیا — ئەرمینیا ١-٠
بۆسنە هێرسك — بلجیکا ٢-١
جەولەی داهاتوو لەم کۆمەڵەیە هیچ یارییەك ئەنجام نادرێت

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم**

١- ئیسپانیا ١٨ خاڵ لە ٦ یاری
٢- بۆسنە و هێرسك ١٢ خاڵ لە ٦ یاری
٣- تورکیا ٨ خاڵ لە ٦ یاری
٤- بلجیکا ٧ خاڵ لە ٦ یاری
٥- ئیستۆنیا ٥ خاڵ لە ٦ یاری
٦- ئەرمینیا ١ خاڵ لە ٦ یاری

**کۆمەڵەی شەشەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بەردەوامە لە تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانی و تا رادەییەکی زۆر لە سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) نزیکە و هەڵبژاردەکانی ئەم کۆمەڵەیە ناتوانن







ڕکابەری بکەن، بۆیە هەڵبژاردەکانی کرواتیا و ئۆکرانیا و ڕوسیای سپی ڕکابەری لەسەر بلیتی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە دەکەن.
ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە
کازخستان — رووسیای سپی ١-٥
ئەندۆڕا — کرواتیا ٠-٢
ئینگلتەرە — ئۆکرانیا ٢-١

**یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە**

کازخستان — ئینگلتەرە
رووسیای سپی — ئەندۆڕا
کرواتیا — ئۆکرانیا
ئینگلتەرە — ئەندۆرا
ئۆکرانیا - کازخستان

**ڕێزبەندی کۆمەڵەی شەشەم**

١- ئینگلتەرە ١٥ خاڵ لە ٥ یاری
٢- کرواتیا ١٠ خاڵ لە ٥ یاری
٣- ئۆکرانیا ٧ خاڵ لە ٤ یاری
٤- روسیای سپی ٦ خاڵ لە ٤ یاری
٥- کازخستان ٣ خاڵ لە ٥ یاری
٦- ئەندۆڕا سفر خاڵ لە ٥ یاری

**کۆمەڵەی حەفتەم**

لە کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی سربیا زۆر نزیکە لە سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) ئەوەی جێگای سەیرە هەڵبژاردەی فەرنسا ئاستی لە یارییەکان زۆر نزمە هاندەرانی هەڵبژاردەی فەرنسا لە ئاستی هەڵبژاردەکەیان نارازین لە هەمان کاتدا هەڵبژاردەی ڕۆمانیاش ئەنجامەکانی زۆر خراپە و سەرکەوتنی بۆ جامی جیهانی تا ڕادەیەکی زۆر نزم بۆتەوە، هەڵبژاردەکانی لیتوانیا و نەمسا هەوڵ دەدەن ڕکابەری لەسەر یەکێك لە بلیتەکانی ئەم کۆمەڵەیە بکەن.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

ڕۆمانیا — سربیا ٢-٣
لیتوانیا — فەرنسا ٠-١
نەمسا — ڕۆمانیا ٢-١
فەرنسا — لیتوانیا ١-٠

**یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە**

سربیا — نەمسا
لیتوانیا — ڕۆمانیا
دوورگەکانی فارو — سربیا

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی حەفتەم**

١- سربیا ١٢ خاڵ لە ٥ یاری
٢- فەرنسا ١٠ خاڵ لە ٥ یاری
٣- لیتوانیا ٩ خاڵ لە ٦ یاری
٤- نەمسا ٧ خاڵ لە ٥ یاری
٥- ڕۆمانیا ٤ خاڵ لە ٥ یاری
٦- دوورگەکانی فارۆ ١ خاڵ لە ٤ یاری

**کۆمەڵەی هەشتەم**

لەم کۆمەڵەیە ڕکابەرییەکی زۆر بەهێز لە نێوان هەڵبژاردەکانی ئیتاڵیا و کۆماری ئێرلندە هەیە بۆ بە دەستهێنانی بلیتی ئەم کۆمەڵەیە و تا ڕادەییەکەش بولگاریا هەوڵ دەدات ڕکابەرییان بکات، ئەوەی جێگای باسە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کۆماری ئیرلندە جیۆڤانی تراپاتۆنیە ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بوو.
ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە
قوبرس — جۆرجیا ٢-١
کۆماری ئێرلندە — بولگاریا ١-١
چیاکانی ڕەش — ئیتاڵیا ٠-٢
بۆلگاری — قوبرس ٢-٠
جۆرجیا — چیاکانی ڕەش سفر — سفر
ئیتاڵیا — کۆماری ئێرلندە ١-١

**یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە**

بولگاری — کۆماری ئێرلندە
قوبرس — چیاکانی ڕەش

**ڕێزبەندی کۆمەڵەی هەشتەم**

١- ئیتاڵیا ١٤ خاڵ لە ٦ یاری
٢- کۆماری ئێرلەندە ١٢ خاڵ لە ٦ یاری
٣- بولگاریا ٧ خاڵ لە ٥ یاری
٤- قوبرس ٤ خاڵ لە ٥ یاری
٥- چیاکانی ڕەش ٣ خاڵ لە ٥ یاری
٦- جۆرجیا ٣ خاڵ لە ٧ یاری

**کۆمەڵەی نۆیەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی هۆڵندا تەنیا پێویستی بە ٢ خاڵ هەیە لە سێ یاری داهاتووی بۆ ئەوەی سەرکەوێ بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) ئەمەش دەبێتە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هەڵبژاردەی هۆڵندا، هەڵبژاردەکانی ئوسکتلندا و مقدۆنیا و ئیسلندا و نەرویج ڕکابەری لەسەر بلیتی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە دەکەن، هەرچەندە هەڵبژاردەی نەرویج لە ڕێزبەندی کۆتایی ئەم کۆمەڵەیە، بەڵام دوای ئەوەی ڕاهێنەرێکی تازەیان بۆ هەڵبژاردەکەیان دەست نیشان کرد ئەویش دریلۆیە ئەنجامیان زۆر باشتر بووە، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێ زۆر بەهێزی بگەڕێتەوە ڕکابەری لەسەر بلیتی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە.

**ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

هۆڵندە — ئوسکتلندا ٣-٠
هۆڵندە — مقدۆنیا ٤-٠
ئوسکتلندا — ئیسلندا ٢-١

**یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە**

ئیسلندا — هۆڵندا
مقدۆنیا — نەرویج
هۆڵندا — نەرویج
مقدۆنیا - ئیسلندا

**ڕێزبەندی ئەم کۆمەڵەیە**

١- هۆڵندە ١٥ خاڵ لە ٥ یاری
٢- ئوسکتلندە ٧ خاڵ لە ٥ یاری
٣- ئیسلندە ٤ خاڵ لە ٥ یاری
٤- مقدۆنیا ٣ خاڵ لە ٤ یاری

## لەمیانی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠)ی کیشوەری ئاسیا

# هەڵبژاردەکانی ژاپۆن و ئوستراليا لە جامی جیهانی نزیکبوونەوە



لەمیانی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠)ی کیشوەری ئاسـیا، لە کۆمەڵەی یەکەم هەردوو هەڵبژاردەی ژاپۆن و ئۆستراليا تا رادەییەکی زۆر سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کردووە و هەر سێ هەڵبژاردەی تر لەم کۆمەڵەیە رکابەری لەسەر پلەی سێیەمی ئەم کۆمەڵەیە دەکەن، لە کۆمەڵەی دووەم رکابەرییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان هەڵبژاردەکانی کۆریای باکوور و کۆریای باشـوور و سـعودیە و ئێران هەیە بۆ ئەوەی دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیە مسۆگەر بکەن، ئەمەی خوارەوەش خوێندەوی هەردووکۆمەڵەی کیشوەری ئاسیایە.

### کۆمەڵەیەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئوسـتراليا و ژاپۆن سـەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی تا رادەیەکی زۆر مسـۆگەر کردووە، و هەڵبژاردەی بەحرێن تا رادەییەك پلەی سـێیەمی ئەم کۆمەڵەیە مسۆگەر کردووە، بەڵام هەڵبژاردەی ئۆزباکسـتان هەوڵی بە دەسـتهێنانی پلەی سێیەم دەکات.

### ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە

ئۆزباکستان – قەتەر ٤-٠

ژاپۆن – بەحرێن ١-٠

بەحرێن – قەتەر ١-٠

ئۆستراليا – ئۆزباکستان ٢-٠

### یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە

قەتەر – ئۆستراليا

ئۆزباکستان – ژاپۆن

ژاپۆن – قەتەر

ئۆستراليا - بەحرێن

### ڕیزبەندی ئەم کۆمەڵەیە

١- ئۆستراليا ١٣ خاڵ لە ٥ یاری

٢- ژاپۆن ١١ خاڵ لە ٥ یاری

٣- بەحرێن ٧ خاڵ لە ٦ یاری

٤- ئۆزباکستان ٤ خاڵ لە ٦ یاری

٥- قەتەر ٤ خاڵ لە ٦ یاری

### کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە کەس ناتوانی هیچ هەڵبژاردەیەك دەست نیشان بکات بۆ سـەرکەوتن بۆ جامی جیهانی چونکە گشت هەڵبژاردەکان ئاستیان لە یەکتر نزیکە تەنیا هەڵبژاردەی ئیمارات نەبێت کە بەشێوەیەکی فەرمی لـە رکابەرییەکە چۆتە دەرەوە، بەڵام لـە یارییەکانی داهاتوو رۆڵێکی سـەرەکی دەبێت لە دەستنیشـان کردنی ئەو هەڵبژاردەیە کە بۆ جامی جیهانی سەردەکەوێ.

### ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە

کۆریای باکوور – ئیمارات ٢-٠

ئێران – سعودیە ١-٢

سعودیە – ئیمارات ٣-٢

کۆریای باشوور – کۆریای باکوور ١-٠

### یارییەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵەیە

کۆریای باکوور – ئێران

ئیمارات – کۆریای باشوور

ئێران – ئیمارات

کۆریای باشوور - سعودیە

### ڕیزبەندی ئەم کۆمەڵەیە

١- کۆریای باشوور ١١ خاڵ لە ٥ یاری

٢- کۆریای باکوور ١٠ خاڵ لە ٦ یاری

٣- سعودیە ١٠ خاڵ لە ٦ یاری

٤- ئێران ٦ خاڵ لە ٥ یاری

٥- ئیمارات ١ خاڵ لە ٦ یاری





